ئەی ئەبو عائیشە، سێ شت هەیە ئەگەر کەسێک یەکێکیان بڵێت؛ ئەوا درۆیەکی گەورەی کردووە دژی خوای گەورە

لە مەسروقەوە دەڵێت: لەسەر لا پاڵم دابووەوە کاتێک عائیشە ئامادە بوو، ووتی: ئەی ئەبو عائیشە، سێ شت هەیە ئەگەر کەسێک یەکێکیان بڵێت؛ ئەوا درۆیەکی گەورەی کردووە دژی خوای گەورە، ووتم: ئەوانە چیین؟ (عائیشە) ووتی: «هەرکەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پەروەردگاری بینیووە ئەوا درۆیەکی گەورەی دژی خوای گەورە کردووە»، (مەسروق) دەڵێت: لەسەر لا پاڵم دابووەوە ودانیشتم، ووتم: ئەی دایکی ئیمانداران، هەندێک کاتی پێویستم بدەرێ، وبەپەلە مەبە لەسەرم، ئایا خوای گەورە -عز وجل- نەیفەرمووە: {وَلَقَدْ رَءَاهُ بِٱلْأُفُقِ ٱلْمُبِينِ} [التكوير:23] واتە: {سوێند بە خوا بێگومان بینی لە ئاسۆی ڕوونداا}، {وَلَقَدْ رَءَاهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ} [النجم:13] واتە: {سوێند بە خوا بێگومان جارێکی تر ئەوی بینیووە}، (عائیشە) دەڵێت: من لە سەرەتاکانی ئەم ئومەتەم پرسیارم لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئەمە، ئەویش فەرمووی: «ئەوە -مەبەست- جبریلە، هەرگیز نەمبینیووە لەسەر ئەو شێوەی لەسەری دروستکراوە جگە لە دوو جار نەبێت، بینیم لە ئاسمانەوە دادەبەزێت؛ گەورەیی لاشەی (بۆشایی) نێوان ئاسمان وزەوی پڕ کردبوو»، (عائیشە) دەڵێت: ئایا نەتبیستووە کە خوای گەورە دەفەرموێت: {لا تُدْرِكه الأبصارُ وهو يُدْرِكُ الأبصارَ وهو اللطيفُ الخبيرُ} [الأنعام: 103] واتە: {چاوەکان پەی پێ نابەن و ناتوانن ببینن بەڵام ئەو هێزی بینین وچاوەکان دەبینێت و ئەو -اللطيف والخبير-ە، [-اللطيف: واتا بە ڕەحم وبە بەزەییە بەرامبەر بوونەوەرەکان- و -الخبير: واتا زانایە بە وردەکاری هەموو شتەکان-]}، ئایا نەتبیستووە کە خوای گەورە دەفەرموێت: {وما كان لبشرٍ أن يُكلِّمه اللهُ إلا وحيًا أو من وراء حِجاب أو يُرسلُ رسولا فيوحيَ بإذنه ما يشاء إنَّه عَلِيٌّ حَكِيمٌ} [الشورى: 51] واتە: {بۆ هیچ کەس نەبووە کە خوا قسەی لەگەڵدا بکات بە وەحی نەبێت یان لە پشت پەردەوە یان نێرراوێك بنێرێت و بە فەرمانی خۆی ئەوەی کە بیەوێت وەحی بۆ دەکات بە ڕاستی خوا بڵند و کاردروستە -حەکیم ودانایە-}، هەرکەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بێدەنگ بووە سەبارەت بە شتێک لە کتێبی خوای گەورە (قورئان)؛ ئەوا درۆیەکی گەورەی کردووە دژی خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت: {يا أيها الرسول بَلِّغْ ما أُنزِل إليك من ربك وإن لم تفعلْ فما بلَّغتَ رسالتَه} [المائدة: 67] واتە: {ئەی (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) ڕایبگەیەنە (بە خەڵک) ئەوەی هێنراوەتە خوارەوە بۆت لەلایەن پەروەردگارتەوە وە ئەگەر وانەکەیت ئەوە ڕاسپێریەکەی خوات ڕانەگەیاندووە و بەجێت نەهێناوە}، (عائیشە) ووتی: هەرکەسێک بانگەشەی ئەوە بکات دەزانێت بەیانی چی ڕوودەدات، ئەوا درۆیەکی گەورەی کردووە دژی خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت: {قل لا يعلمُ مَنْ في السماوات والأرضَ الغيبَ إلَّا الله} [النمل: 65].{واتە: {بڵێ کەسانێك کە لە ئاسمانەکان و زەویدان غەیب نازانن بێجگە لە خوا (تەنها ئەو دەیزانێت

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

تابیعی بەڕێز مەسروق لەسەر لا پاڵی دابووەوە کاتێک عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ئامادە بوو، (عائیشە) ووتی: سێ شت هەیە ئەگەر کەسێک یەکێکیان بڵێت؛ ئەوا درۆیەکی گەورەی کردووە دژی خوای گەورە، (مەسروق) ووتی: ئەو شتانە چیین؟ ئەویش (عائیشە) وەڵامی دایەوە: یەکەم/ هەرکەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پەروەردگاری بینیووە ئەوا درۆیەکی گەورەی دژی خوای گەورە کردووە، مەسروق لەسەر لا پاڵی دابووەوە ودانیشت، ووتی: چۆن دەڵێیت موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پەروەردگاری نەبینیووە، لەکاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلَقَدْ رَءَاهُ بِٱلْأُفُقِ ٱلْمُبِينِ} [التكوير:23] واتە: {سوێند بە خوا بێگومان بینی لە ئاسۆی ڕوونداا}، {وَلَقَدْ رَءَاهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ} [النجم:13] واتە: {سوێند بە خوا بێگومان جارێکی تر ئەوی بینیووە}، عائیشە ووتی: ئەو یەکەم کەس بوو کە پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بە ئەم دوو ئایەتە،

ئەویش -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: ئەوە -مەبەست- جبريله -عليه السلام-، هەرگیز لەسەر ئەو شێوەیە نەبینیووە کە خوای گەورە لەسەری دروستی کردووە جگە لە دوو جار نەبێت، جارێکیان لەسەر زەوی لە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتی زەوی کە بە ڕوونی ئاسمان دەبینرێت، وجارێکی تر لە سەرەوە لە بەهەشتدا، وئەو جارەی لەسەر زەوی بینی؛ دادەبەزی بۆ سەر زەوی گەورەیی لاشەی بۆشایی نێوان ئاسمان وزەوی پڕ کردبوو، پاشان عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ئەم ئایەتانەی وەکو بەڵگە هێنایەوە لەسەر ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەروەردگاری نەبینیووە، خوای گەورە دەفەرموێت: {لا تُدْرِكه الأبصارُ وهو يُدْرِكُ الأبصارَ وهو اللطيفُ الخبيرُ} [الأنعام: 103] واتە: {چاوەکان پەی پێ نابەن و ناتوانن ببینن بەڵام ئەو هێزی بینین وچاوەکان دەبینێت و ئەو -اللطيف والخبير-ە، [-اللطيف: واتا بە ڕەحم وبە بەزەیيە بەرامبەر بوونەوەرەکان- و -الخبير: واتا زانایە بە وردەکاری هەموو شتەکان-]}، {وما كان لبشرٍ أن يُكلِّمه اللهُ إلا وحيًا أو من وراء حِجاب أو يُرسلُ رسولا فيوحيَ بإذنه ما يشاء إنَّه عَلِيٌّ حَكِيمٌ} [الشورى: 51] واتە: {بۆ هیچ کەس نەبووە کە خوا قسەی لەگەڵدا بکات بە وەحی نەبێت یان لە پشت پەردەوە یان نێرراوێك بنێرێت و بە فەرمانی خۆی ئەوەی کە بیەوێت وەحی بۆ دەکات بە ڕاستی خوا بڵند و کاردروستە -حەکیم ودانایە-}. دووەم/ هەرکەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بێدەنگ بووە سەبارەت بە شتێک لە کتێبی خوای گەورە (قورئان)؛ ئەوا درۆیەکی گەورەی کردووە دژی خوای گەورە، لەکاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت: {يا أيها الرسول بَلِّغْ ما أُنزِل إليك من ربك وإن لم تفعلْ فما بلَّغتَ رسالتَه} [المائدة: 67] واتە: {ئەی (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) ڕایبگەیەنە (بە خەڵک) ئەوەی هێنراوەتە خوارەوە بۆت لەلایەن پەروەردگارتەوە وە ئەگەر وانەکەیت ئەوە ڕاسپێریەکەی خوات ڕانەگەیاندووە و بەجێت نەهێناوە}. سێیەم/ هەرکەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵدەدات سەبارەت بە ئەو شتانەی سبەی ڕوودەدەن لە لایەن خۆیەوە بە بێ ئەوەی وەحی -سروش- بێت لە لایەن خوای گەورە؛ ئەوا درۆیەکی گەورەی کردووە دژی خوای گەورە، لەکاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت: {قل لا يعلمُ مَنْ في السماوات والأرضَ الغيبَ إلَّا اللـه} [النمل: 65] واتە: {بڵێ کەسانێك کە لە ئاسمانەکان و زەویدان غەیب نازانن بێجگە لەخوا (تەنها ئەو دەیزانێت)}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10420

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee